# شالوور و تووتی

حەمەسەعید حەسەن

لا تحسبونی أرقص بینكم طربا
فالطیر یرقص مذبوحا من الالم

گەورەترین کارەساتێک کە بەرەو رووومان بێتەوە، ئەوەیە بروامان بە خۆمان نەمێنێت، مردن لەو رۆژەوە دەستپێ ناکات کە دڵمان لە لێدان دەکەوێت، لەو رۆژەوە دەستپێ دەکات، کە متمانەمان بە خۆمان نامێنێت. میللەتێک بروای بە خۆی پتەو بێت و خەون بە ئایندەیەکی گەشەوە ببینێت، هانا بۆ پاساوی هەلومەرجی ناسک نابات و لە نیشاندانی گەندەڵی و کەموکورییەکان ناترسێت. ئەگەر دەست نەخەینە سەر برینەکان، ئەگەر نەخۆشییەکان دەستنیشان و چارەسەر نەکەین، ئیدی چۆن دەبینە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست؟ رەخنەگر لە پێناوی داهاتوویەکی رۆشندا، باسی لایەنە تاریکەکانی کۆمەڵگە و ئەو دەردە کوشندانە دەکات کە جەستەی کۆمەڵیان دارزاندووە. نەخۆشییەکان زادەی رەخنە نین، رەخنەکان زادەی نەخۆشییەکانن، ئەو نەخۆشییانە بەوە چارەسەر ناکرێن، چاو لە ئاستیاندا بنوقێنین، بەوە چارەسەر دەکرێن، روو بە روویان ببینەوە و هەوڵی وشککردنی سەرچاوەکانیان بدەین.

من لە سۆنگەی ئەوەوە کە دژی شەری نێوخۆم، رەخنە لە هەڵگیرسێنانی ئەو شەرە پۆخڵە دەگرم، ئەو شەرە من، نە هەڵمگیرساندووە، نە بەشداریم تێیدا کردووە، نە هەوڵی خۆشکردنی ئاگرەکەیم داوە. قارەمانانی شەری براکوژی، کەسانێکی ناسراون، ئەوانەن کە بازرگانییان بە خوێنی کوردەوە کردووە، ئەوانەن کە دەستیان بە خوێنی کورد سوور بووە و ئەوانەن کە بە شیعر و پەخشان، ستایشی جەنەراڵانی شەریان کردووە. ئەگەر تاوانێکی مەزن لە ئارادا هەبێت، کە بە دڵنیاییەوە هەیە، ئەوا تاوانبارانی راستەقینە، هەڵگیرسێنان، جێبەجێکەران و ئاگرخۆشکەرانی شەری نێوخۆن، نەک ئەوانەی تیری رەخنەیان ئاراستەی قارەمانانی شەرەکە کردووە.

ئایا ئەوانەی ئەنفالیان کردین، لە تەنگانەکانی داهاتوودا، بە هانامانەوە دێن؟ ئایا ئەوانەی ماڵی کوردیان کاول کرد، دەتوانن ئاوەدانی بکەنەوە؟ ئایا ئەوانەی شەریان هەڵگیرساند، دەتوانن ئاشتیمان بۆ دابین بکەین؟ سەرنج بدەن، ئەها سەرسەختترین قارەمانی شەری نێوخۆ، چۆن خۆی گورگە کردووە، ئەها نەک هەر لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەماندا ئامادە نابێت! بەڵکوو تەنانەت بەشداری لە رێورەسمی یادی سی ساڵەی دامەزراندنی حیزبەکەی خۆیشیدا، چونکە لە سایەی ئاشتیدا بەرێوە دەچێت، ناکات! بۆ ئەوەی ئەنفال نەکرێینەوە، بۆ ئەوەی نەفسنزمان، سڵ لە تاقیکردنەوەی رێگەی ناپاکی بکەنەوە، بۆ ئەوەی شەری براکوژی هەڵنەگیرسێتەوە، پێویستە

ئەنفالچییان، قەرەفایلان و قارەمانانی شەڕی نێوخۆ، نەک هەر بەردەوام ڕسوا بکرێن، بەڵکوو یەکە یەکە بە دادگەیش بدرێن.

کانت دەبێژێت: (ویستی چاک، پێویستە لە هەموو هەلومەرجێکدا هەر چاک بێت، نابێت لە فلان بارودۆخدا چاک و لەوی تردا خراپ بێت، دەبێت هەمیشە ئامێرێک بێت بۆ گەییشتن بە ئامانجێکی خاوێن.) هیچ پاساوێک دادی ئەنفالچییان، هەڵگیرسێنانی شەڕی براکوژی و ناپاکان نادات، ئەوانەی دژی بەباکردنی کای کۆن و کولاندنەوەی برینەکانن، نە نیازیان خاوێنە، نە ڕابردوویان، ئەوانە لە دیزە بە دەرخۆنەکردنی تاوانەکان، سوودمەند دەبن. شیعر کارێک دەکات، ڕۆحی ئینسان بەرەو بەرزایی هەڵبکشێت، ئەوانەی لەبەر قازانجی تایبەتی، یان بەرژەوەندی حیزب، چاو لە تاوانی قەلاچۆکەرانی میللەت دەپۆشن، داوێنی ڕۆحیان لە زەلکاو دەخشێت.

کافکا دەڵێت: (کە زیان بە زمان بگات، زیان بە هەست و بە عەقڵیش دەگات،) بۆیە ئەگەر زمانت پیس بێت، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی نە هەستت خاوێنە و نە ئاوەزت ساغ. ئەندامی کلۆڵی گوێلەمستی حیزب، چونکە خۆی کۆیلەیە، قەت بڕوا بەوە ناکات، کەسانی ئازاد هەبن. جیاوازیی نێوان ئەندامی گوێڕایەڵی حیزب و نووسەری ئازاد، وەک جیاوازیی نێوان تووتی و شالوور وایە، تووتی خۆی هیچی پێ نییە، قسەی ئەم و ئەو دەڵێتەوە، شالوور، گۆرانییەکانی لە ناخی دڵییەوە هەڵدەقوڵێن.

2005.06.22